Funded by
the European Union

International
Labour
Organization

# کورتەی سیاسەت

تەمموزی 2025

## بەرەو فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی لە هەرێمی کوردستانی عێراق

### تیشکخستنە سەر کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان

### پەیامە سەرەکییەکان:

- کرێکارانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووبەڕووی کەمیی کاری شایستە دەبنەوە. ڕووماڵکردنی سنووورداری دەستەبەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بەربەستە هەرە دیارەکان لەبەردەم گرتنەبەری کاری شایستە و ڕێخۆشکردن بۆ گواستنەوە بۆ ئابووری فەرمی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێناندا.
- تا ئێستا بۆ یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان کار بە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت ژمارە 18ی ساڵی 2023 و یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2012 (کە یاسای ژمارە 39ی ساڵی 1971 هەموار کردۆتەوە) دەکرێت. یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2012 ڕووماڵکردنی یاسایی بۆ هەموو کرێکارانی کەرتی تایبەت فەراهەم کردوە جگە لە پۆلەیدپاریکراوی وەك کرێکارانی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام بەهۆی سنورداریی بودجە و هەروەها ڕێنماییە ئیدارییە ناتەواوەکان، هیچ کام لەم یاسایانە بە تەواوی جێبەجێ نەکراون.
- بۆ ئەوەی سیاسەت و چوارچێوەی یاسایی بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ پەرەی پێبدرێت، پێویستە ئەولەویەت بدرێت بەوەی بە شێوەیەکی کاریگەرانە ئەو بەربەستە جیاوازانە دەستنیشان بکرێن وچارەسەرکردنی کە دێنە ڕێی ناونوسکردن و بەشداریکردن و سوودمەندبوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.
- لە کاتێکدا بەربەستی هاوبەش لە سەرانسەری سێ کەرتەکەدا هەن، بەپێی سروشتی جیاوازی کار لە هەر کەرتێکدا ئاستەنگی تایبەت بۆ بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە. ئەمەش بریتییە لە ڕێکاری ئاڵۆزی کارگێڕی، کێشەکانی متمانە، هاندانێکی سنووردار بۆ بازرگانییە فەرمیەکان بۆ ناونوسکردنی کرێکاران، نەبوونی نوێنەرایەتی و ڕێکخستنی کرێکاران و لاوازی توانای دامەزراوەیی بۆ جێبەجێکردن و سەپاندن.
- ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی کرێکارانی نافەرمی دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دا، زۆر گرنگە دەستنیشان بکرێن و چارەسەر بکرێن بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ماف، باشترکردنی بارودۆخی کارکردن، پاراستنی بژێوی ژیان و پێشخستنی هەنگاو بە هەنگاوی بەفەرمیکردن. ئەمەش دەتوانرێت بە ناسینی هەردوو جۆری ئاستەنگی تایبەت بە کەرتەکان و مەترسییە ناوازەکانی سووڕی ژیان لە کەرتی کشتوکاڵ، بیناسازی و بەرهەمهێناندا بەدیبهێنرێت.

## پاشخان

بەردەوامبوونی – و تەنانەت گەشەسەندنی – نافەرمییەتی دامەزراندن لە عێراق و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، وا دەخوازێت پەلە لە بەهەندوەرگرتنی دوو ئاڵنگاری فراوانکردنەوەی ڕووماڵی یاسایی و کاریگەرانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی و ئاسانکاری بۆ گواستنەوەیان بۆ بەفەرمیبوون بکرێت. مەبەست لەم کورتەی سیاسەتە پشتگیریکردنی داڕێژەرانی سیاسەتە لە هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی چارەسەری پەیوەست بە سیاسەت، ڕێنمایی و کارگێڕی بۆ باشترکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێناندا. ئەم کورتەی سیاسەتە سوود لە دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتی قووڵی سیاسەت لە هەریەکێك لە سێ کەرتەکە وەردەگرێت کە تیشك دەخاتە سەر چەند جۆرێکی دیاریکراوی کرێکاران: کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان و کرێکاری بێکرێ لەناو خێزان لە کەرتی کشتوکاڵ، کرێکاری کاتی لە بیناسازی، و کرێکارانی بەکرێ لە کەرتی بەرهەمهێنان. توێژینەوەکانی سیاسەت پشتی بە شیکردنەوەی وەسفی ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2021 (دەزگای ئاماری ناوەندی، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2022) و شیکردنەوەیەکی چۆنایەتی بەستووە کە پێکهاتووە لە چاوپێکەوتنی قووڵ، گفتوگۆی گرووپی چڕ و چاوپێکەوتن لەگەڵ زانیاریدەرە سەرەکییەکان (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی أ، ب، ج دواتردێت). بە کورتکردنەوەی بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەم کرێکارانە، ئەم کورتەی سیاسەتە باس لە بوارەکانی دەرفەت و ئاستەنگەکانی فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی یاسای نوێدا دەکات و پێشنیار لەسەر بنەمای بەڵگە بۆ بەرەوپێشچوون پێشکەش دەکات. ئەم کورتەیە و ڕاپۆرتە

[1] لەم کورتە سیاسەتەدا دەستەواژەی "عێراق" ئاماژەیە بۆ هەردوو عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق. "عێراقی فیدراڵ" بە تایبەتی ئاماژە بەو ناوچەیە دەکات کە هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

لاوەکیەکانی سیاسەت بە هاوکاریِ نێوان رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و پەیمانگای گەشەپێدانی جیهانی دەرەوەی وڵات (ODI) بەرهەم هاتووەوە. بەرنامە هاوبەشەکەیان بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراق بە ناوی "بەهێزکردنی وەڵامدانەوەی کاریگەر و خێراکردنی چاکسازی" لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە پارەدار دەکرێت[2].


## ◄ پاشخانی ئابووریی گشتی لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان

بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق هێشتا بە توندی ڕووی بەرەو نافەرمییە. ئەمەش خاوەنکار و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان دەگرێتەوە کە پرۆژە لە کەرتی نافەرمیدا بەڕێوەدەبەن، هەموویان کرێکارانی بەشدار لەناو خێزان و هەموو ئەو کارمەندانەی کە هیچ بەشدارییەکی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان لەلایەن خاوەنکارەوە بۆ نادرێت، بەبێ گوێدانە سروشتی فەرمی یان نافەرمی ئەو پرۆژانەی کە تێیدا کاردەکەن. ئەمەش لەسەدا 65.4ی ئەو کەسانەیە کە کاری نافەرمییان هەیە، ئەم ڕادەیە یەکسانە بە دۆخی وڵات بە گشتی.
بەڵام پشکی دامەزران لە کەرتی نافەرمی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 36.5ی کۆی دامەزران بە بەراورد بە نزیکەی لەسەدا 54.8 لە عێراق بە گشتی. جیاوازییەکی بەرچاو پەیوەندی بە کشتوکاڵەوە هەیە، دامەزرانی نافەرمی لە چالاکییە کشتوکاڵییەکاندا نزیکەی لەسەدا سەدە لەسەر ئاستی نیشتمانی، بەڵام تەنها نزیکەی لەسەدا 65.4یە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

داتا لەبارەی بەشداریی کەرتەکان لە بەرهەمی گشتیِ ناوخۆیی (GDP) لە هەرێمی کوردستان تەنها هی ساڵی 2018 بۆ خەڵك بەردەست بوو ئەویش بە شێوەیەکی زۆر کورت. بەشداریِ کەرتی بیناسازی لە بەرهەمی گشتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018دا وا مەزندە دەکرێت (بە نرخی ئێستا) گەیشتبێتە نزیکەی لەسەدا 7.8 (بە بەراورد بە تێکڕا لەسەدا 4.7 لە عێراق لە هەمان ساڵدا). بەشداری کەرتی کشتوکاڵ لە بەرهەمی گشتی ناوخۆیی لە دەوروبەری لەسەدا 3.3 بووە (بە بەراورد لەگەڵ لەسەدا 2.9 لە عێراق)، و بەشداری کەرتی بەرهەمهێنان لە دەوروبەری لەسەدا 5.2 بووە (بە بەراورد لەگەڵ لەسەدا 2.1 لە عێراق) (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان 2022). ئەو سێ کەرتە پێکەوە لە ساڵی 2018دا لەسەدا 16.8ی بەرهەمی ناوخۆیی ناوەکیی هەرێمی کوردستانیان لە ساڵی 2018دا پێکهێناوە لە بەرامبەر لەسەدا 8.7ی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی ناوەکی عێراق.

لە ڕووی دامەزراندنەوە، ئەم کەرتانە بەشێکیان لە کرێکاران دامەزراندووە کە دەبێت بەهەند وەربگیرێت، کە نزیکەی لەسەدا 23ی کۆی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و نزیکەی یەك لەسەر سێی هێزی کاری کەرتی تایبەت پێکدەهێنن (شێوەی 1). لە هەریەکێك لەم کەرتانەدا، سەرنجی ئەم توێژینەوەیە لەسەر زاڵترین بەڵام هەروەها ناجێگیرترین جۆرەکانی دامەزراندن بوو: کرێکارانی کاری سەربەخۆ و کرێکارانی بێ کرێ لەناو خێزان لە کەرتی کشتوکاڵ (لەسەدا 75ی هێزی کاری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان)، کرێکارانی بەکرێ لە کەرتی بەرهەمهێنان (لەسەدا 54ی هێزی کاری بەرهەمهێنان)، و کرێکارانی کاتیی بەکرێ لە کەرتی بیناسازی (لەسەدا 52 لە هێزی کاری بیناسازی). هەریەکێك لەم گروپانە بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەکانەوە تارادەیەکی زۆر بە ڕێکنەخراو و ناپارێزراو دەمێننەوە. هەموو ئەمانە کاریگەری گرنگیان بەسەر چۆنێتی کارکردنی بازاڕی کارەوە دەبێت سەبارەت بە ماف و خۆشگوزەرانی کرێکاران و بۆ دروستکردنی گەشەیەکی بەردەوامی پڕ لە کار لە ئابووری هەرێمی کوردستان.

### ◄ وێنەی 1. پشکی دامەزراندن لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان، ساڵی 2021 (ڕێژەی سەدی کرێکاران)




سەرچاوە: دانەران، لە ڕوپێوی هێزی کاری عێراق 2021 وەرگیراوە (دەزگای ئاماری ناوەندی، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2022).

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بەرنامە هاوبەشە سەیری ئەم لینکە بکە: https://www.ilo.org/projects-and-partnerships/projects/social-protection-programme-iraq-leveraging-effective-response-and-0.

### خانەی 1. چوارچێوەی ڕێکخراوەیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  لە هەرێمی کوردستان

یاسایەی ئێستا دەستەبەری کۆمەڵایەتی  لە هەرێمی کوردستان ڕێك دەخات بریتییە لە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە 39ی ساڵی 1971 (یاسای ژمارە 39) و یاسای هەموارکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بۆ کرێکاران. یاسای هەموارکراوی ژمارە 4ی ساڵی 2012 مافەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی فراوان کردۆتەوە بۆ کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان، کرێکارانی نافەرمی و کرێکارانی بێ بەڵگەنامە لە کەرتی تایبەت بە تۆمارکردنیان لە سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لە کاتێکدا کە هەموارکردنەکان ڕێگە بە کرێکارانی نافەرمی و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان دەدەن کە ناوی خۆیان لە بەشی خانەنشینی بەساڵاچووان تۆمار بکەن، بەڵام نەبوونی ڕێنمایی جێبەجێکردن ئەم برگانەی بەبێ جێبەجێکردن هێشتۆتەوە، کەلێنی لە رووماڵکردن بۆ پۆلی کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان و ئەندامانی بەشداربووی ناوخێزان و هەروەها کرێکارانی نافەرمی و بێ بەڵگەنامە دروستکردوە.

لە بەرامبەر ئەمەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی نوێی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت دارشت، بە ئامانجی تەباکردنی لەگەڵ ڕێککەوتننامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  (کەمترین ستانداردەکان)ی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ساڵی 1952 (ژمارە 102)، کە عێراق لە مانگی ئازاری 2023 پەسەندی کردوە. هەرچەندە وردەکارییەکان سنووردارن، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت پرۆژە یاساکە ڕەنگدانەوەی برگەکانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی  کرێکارانی فیدراڵی عێراقی ژمارە 18 ی ساڵی 2023 بێت، کە تێیدا بەشدارییەکانی کرێکارانی نافەرمی خانەنشینی بەساڵاچوان پارەدار دەکات و بەشدارییەکانی حکومەت پشتگیری بەساڵاچوون و بەرکەوتنی کار و بەشیکانی تەندروستی تەرخان دەکات. لەبەر ئەوەی پرۆژە یاساکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا لە ژێر گفتوگۆدایە، ڕەنگە ئەم زانیاریانە گۆڕانی بەسەردا بێت. تاوتوێکردنە بەردەوامەکان تەوژمێکی پتەو دەدەنە بەهێزکردنی روماڵی یاسایی و کاریگەرانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بۆ کرێکارانی نافەرمی لە هەرێمی کوردستان. چارەسەرکردنی بەربەستەکانی تایبەت بە کەرت لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێناندا زۆر گرنگە بۆ فراوانکردنی رووماڵ، بە لەبەرچاوگرتنی لاوازییە ناوازەکان و تایبەتمەندییەکانی دامەزراندن لە هەر کەرتێکدا.

## ◄ تایبەتمەندیەکانی بازاڕی کار لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان

کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان بەشێکی بەرچاو لە دامەزراندن لە کەرتی تایبەت پێکدەهێنن، هەریەکەیان تایبەتمەندی جیاوازی لە هێزی کار و شێوازی دامەزراندن و لاوازییەکان هەیە.

**کەرتی کشتوکاڵ:** کشتوکاڵ نزیکەی لەسەدا 13ی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، زۆرینەی کرێکاران لە سلێمانی (لەسەدا 58.6)، لە هەولێر (لەسەدا 22.7) و لە دهۆك (لەسەدا 18.7) چڕبوونەتەوە. کەرتەکە بە زۆری نافەرمییە، لەسەدا 99ی کرێکارانی کاری سەربەخۆ و کرێکارانی بەشداربووی خێزانی لە کەرتی کشتوکاڵ رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی یان نییە. ژنان بەشێکی بەرچاو لە هێزی کار پێکدەهێنن، کە لەسەدا 32ی کرێکارانی کاری سەربەخۆ و کرێکارانی بەشداربووی خێزانن. ئاستی خوێندن بە گشتی نزمە و لەسەدا 71ی کرێکاران نەخوێندەوارن. کاتژمێری کارکردن لە هەرێمی کوردستان جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە، کە تێکڕای کاتژمێری کارکردنی کرێکارانی کشتوکاڵی لە هەفتەیەکدا 39 کاتژمێرە.

**کەرتی بیناسازی:** کەرتی بیناسازی لە سەدا 11 ی دامەزراندنی کەرتی تایبەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنێت کە زۆر کەمترە لە پشکی ئەو کەرتە لە عێراقی فیدراڵدا. دامەزراندن لەم کەرتەدا لە سلێمانی / هەڵەبجە بە ڕێژەی 59% و لە هەولێر بە ڕێژەی 41% چڕبووەتەوە. زۆربەی کرێکارانی بیناسازی کرێکاری کاتی یان نائاسایی بەکرێن، کە نافەرمیبوون تێیدا پەربڵاوە. لە بواری بیناسازیدا، لەسەدا 98ی کرێکارانی بەکرێ رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی یان نییە. ئەم کەرتە زیاتر پیاوان تێیدا زاڵن و ژنان کەمتر لە سەدا 0.3ی هێزی کار پێکدەهێنن. جێگای سەرنجە، کۆمپانیاکانی بیناسازی هەرێمی کوردستان گەورەترن لەوانەی عێراقی فیدراڵی، بەجۆرێك کە لەسەدا 85ی کرێکاران لە کۆمپانیا بچووکەکاندا دامەزراون (پێنج بۆ نۆ کرێکار). کاتی کارکردن تاڕادەیەك درێژە، بە تێکڕا 46 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا و کرێش بە نزمی ماوەتەوە، ئەمەش ئاستەنگ بۆ بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

**کەرتی بەرهەمهێنان:** بەرهەمهێنان لەسەدا 12ی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، ئەمەش وایکردووە کەمێك گرنگتر بێت لە بیناسازی. دامەزراندن لە سلێمانی (51%) و هەولێر (49%) چڕ بووەتەوە. ئەم کەرتە زۆر نافەرمییە، لەسەدا 98ی کارمەندان رووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی یان نییە. بە پێچەوانەی کەرتی بیناسازی، ڕێژەیەکی زیاتر لە کرێکارانی بەرهەمهێنان لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا دامەزراون (لەسەدا 75)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پابەندبوون بە تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هێشتا  کەمە. ئەم کەرتە نوێنەرایەتی زیاتری ژنانی تێدایە لە چاو کەرتەکانی تر، بەڵام بە پلەی یەکەم لە ڕۆڵی بێ کریدا. تەنها لەسەدا 4ی کرێکارانی بەکرێ ژنن و لەسەدا 59ی کرێکارانی ژن خاوەنکاری خۆیانن. کرێکارانی بەکرێ لەم کەرتەدا گەنجترن و تێکڕای تەمەنیان 31 ساڵە و درێژترین کاتژمێر کاردەکەن و بە تێکڕای 51 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. سەرەڕای وەرگرتنی کرێی تاڕادەیەك بەرزتر بە بەراورد بە کەرتی بیناسازی، زۆرێك لە کرێکاران هێشتا ڕووبەڕووی کێشەی دارایی دەبنەوە کە تواناى بەشداریکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دا سنووردار دەکات.

بە گشتی، دۆخی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان لەم سێ کەرتەدا بە ئاستێکی بەرزی نافەرمی و کەمی رووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و جیاوازی جێندەری و بەربەستی بەرچاو لەبەردەم بەفەرمیکردندا دەناسرێتەوە.

# ◂ بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بۆ کرێکارانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان

بەربەستی هاوبەش لە سەرانسەری کەرتەکاندا هەن، بەڵام توندی و سروشتییان دەکرێت جیاواز بێت بەپێی چوارچێوەی تایبەتی هەر کەرتێك. هەروەها بەربەستی تایبەت بە هەر کەرتێك بەهۆی ئەو ڕاستییەوە هەیە کە لە ڕووی مێژووییەوە دوورخستنەوەی یاسایی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەییدا هەبووە، کە زیاتر سەبارەت کرێکارانی کشتوکاڵی دەبینرێت. پرسەکانی تر پەیوەندییان بە داڕشتنی پلان و توانای دارایی بەشداریکردنەوە هەیە. سنووورداری لە پەیوەندی نێوانیاندا هێشتا هەیە، بە تایبەتی بۆ کرێکارانی کەم داهات بەرچاوە. هەروەها گرژی لە نێوان هەردوو پلانی نابەشداری و بەشداریکردندا هەیە کە هەموو کرێکارانی هەژار دەگرێتەوە. لە کەرتی بەرهەمهێناندا ژینگەی بازرگانی ئاسانکاری بۆ پابەندبوون ناکات و خاوەنکارەکان لە هەوڵەکانیان بۆ ناونوسکردنی کرێکاران گەرم نین. ئەمانەی خوارەوە تیشك دەخەنە سەر بەربەستە تایبەتەکانی هەر کەرتێك و بەربەستە هاوبەشەکان لەبەردەم فراوانکردنەوەی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بۆ کرێکاران لە هەرێمی کوردستان.

## ◂ بەربەستە تایبەتەکان بەهەر کەرتێك

**کرێکاری کاری سەربەخۆ لە کەرتی کشتوکاڵ و کرێکاری کاتی لە کەرتی بیناساز:** لە هەرێمی کوردستان دا بۆ کرێکارانی کاری سەربەخۆ لە کەرتی کشتوکاڵ و کرێکارانی کاتی لە کەرتی بیناسازیدا مێژوویەکی دوورخستنەوەی یاسایی و کەلێنی جێبەجێکردن هەیە. یەکێك لە تەنگوچەڵەمە سەرەکییەکانی فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کاری سەربەخۆ و کرێکارانی بەکرێ لەناو خێزان لە کەرتی کشتوکاڵ، هەروەها کرێکارانی ڕۆژانەی کاتی لە کەرتی بیناسازیدا، دوورخستنەوەیانە لە ڕووماڵکردن لە یاسای کاردا، لەگەڵ جێبەجێنەکردنی یاسای هەموارکردنەوەی ژمارە 4ی ساڵی 2012، کە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕووماڵی یاسایی گەیاندۆتە ئەوان، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە جێبەجێ نەکراوە.

**پرسیار لەسەر کاریگەری یاسای نوێ، ئەگەر پەسەند بکرێت، بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ: داڕشتن، گونجاوی دارایی، و ئاوێتەکردنێکی سنوورداری بەبەشداریکردن و بێ بەشداریکردن بۆ کرێکارانی کەم داهات**

**داڕشتن و گونجاوی دارایی:** بڵاوبوونەوەی هەژاری لە نێوان کرێکارانی کشتوکاڵی و بیناسازیدا بەربەستی گەورە بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ دروست دەکات، تەنانەت ئەگەر کرێکاران بتوانن لە ڕێگەی ڕەشنووسی یاسای نوێیەوە ڕووماڵکردنی یاسایی بەدەستبهێنن کاتێك یاساکە دەردەچێت. توانای پێدانی بەشداریکردنی مانگانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  جێگەی مشتومڕە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کاری کشتوکاڵی کارێکی وەرزییە و کارکردن لە کەرتی بیناسازیدا نارێکوپێکە. کرێکارانی کرێی کاتی بەزۆری بەشێوەی ڕۆژانە کاریان دەستدەکەوێت و کرێیان پێدەدرێت (هەرجارەی کرێی یەك ڕۆژ)، هەربۆیە هەمیشە پرسیارێك هەیە کە چۆن کرێکاران لە پلانەکانی یارمەتییە دیاریکراوەکاندا تۆمار بکرێت (وەك ئەوەی لە عێراقی فیدراڵیدا هەیە)، کە بۆ ئەو کرێکارانە داڕێژراون کە دەتوانن زۆرترین ژمارەی ساڵی بەشداریکردن کەڵەکە بکەن (بۆ نموونە، کرێکارانی کەرتی گشتی و کرێکارانی فەرمی لە کەرتی تایبەت). هەروەها گرنگە یاسا نوێیەکە بە وردی ڕێژەی بەشداریکردن و ئاستی کەمترین داهات دیاری بکرێت کە ڕێژەی بەشداریکردن لەسەری دادەنرێت. ئەو وانانەی لە عێراقی فیدراڵ لە دەرکردنی یاسای نوێی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە 18ی ساڵی 2023 وەردەگیرێن، ئاشکرای دەکەن کە بەکارهێنانی کەمترین کرێی نیشتمانی وەك کەمترین ئاستی داهات بۆ حیسابکردنی ڕێژەی بەشداریکردن لەوانەیە تێچووی زۆر گران بێت بۆ ئەو کرێکارانەی کە داهاتەکانیان لە خوار کەمترین کرێیە چونکە ئەوان لەسەر بنەمای کرێیەك بەشداریکردن دەدەن کە لەو کرێیەی لە ڕاستیدا وەریدەگرن زیاترە. بۆیە لەبەرچاوگرتنی بەشدارییەکی چەسپاو وەك تاکە باج دەتوانێت چارەسەرێکی سیاسەت بێت بۆ داڕشتنی پلانێکی نرخ گونجاو بۆ هەندێك لە شێوازە ناستانداردەکانی کرێکاران.

**نەبوونی ئاوێتەکردن لە نێوان پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەبەشداریکردن و یارمەتی کۆمەڵایەتی بێ بەشداریکردن:** بە سەرنجدان بە بڵاوبوونەوەی زۆری هەژاری لە نێو ئەم کرێکارانەدا، ڕەنگە زۆر لەو کرێکارانە پارەی نەختینەی یارمەتی کۆمەڵایەتی بێ بەشداریکردن وەربگرن. تۆمارکردنیان لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە وەرگرتنی ئەو پارە نەختینەیانە دوور بخرێنەوە. ئەم نەبوونی ئاوێتەکردنە لە نێوان پلانی بەبەشداریکردن و بێ بەشداریکردن ڕەنگە ببێتە هۆکارێکی دیکە کە کرێکاران خۆیان لە ناونوسکردن لە کۆڵەگەیەکی نوێی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزوومەندانە بەدوور بگرن.

**کارمەندانی کەرتی بەرهەمهێنان دوودڵی خاوەنکارە فەرمیەکان لە ناونووسکردنی کرێکارەکانیان:** دەبێت ڕووماڵکردن لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا کرێکارانی کەرتی بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان پابەندکارانە بێت. بەڵام نافەرمیبوونی دامەزراندن لای کارمەندانی بەرهەمهێنان نزیکەی گشتگیرە (لەسەدا 98)، وەك لە وێنەی 2، تابلۆی (أ) نیشان دراوە. بۆیە نەبوونی ڕووماڵکردنیان پەیوەندی بە بۆشایی یاسایی لە چوارچێوەی ڕێکخستنی وەك کرێکارانی کشتوکاڵی و بیناسازیدا نییە. لە بەرامبەردا، نافەرمیبوونی دامەزراندن لای کارمەندانی بەرهەمهێنان بە پلەی یەکەم بەهۆی کەلێنی پابەندبوونە، زیاتر لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا. ئەنجامەکان وا دەردەخەن کە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە بە فەرمی دابندرێن بە بەراورد بە عێراقی فیدراڵی، چونکە گەورەترن و لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کارمەندەکانیان نافەرمین. سێ لەسەر چواری کارمەندانی نافەرمی (کە لەسەدا 98ی کۆی کارمەندانن) لە یەکە بازرگانییە فەرمیەکاندا کاردەکەن، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە (لەسەدا 25) لە کۆمپانیا نافەرمیەکاندا کاردەکەن، وەك لە وێنەی 2 تابلۆی (ب) دا نیشان دراوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرفتێکی بەهێزی پابەندبوونە لە هەرێمی کوردستان، بە بەراورد بە کرێکارانی بەرهەمهێنانی عێراقی فیدراڵی، کە گرفتی سەرەکی پەیوەندی بە نافەرمی کۆمپانیاکەوە هەیە (بڕوانە کورتەنامەی سیاسەتی 1، ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (د) کە دواتر دێت). ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە دەستگەیشتن بە دامەزراوەکانی تۆمارکردن لەوانەیە هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ئەم کەلێنی پابەندبوونە. هەرچەندە فەرمانگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  لە هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە، زاخۆ، سۆران، ڕاپەڕین (پشدەر/ڕانیە)، گەرمیان (کەلار) هەیە. بەڵام زۆرێك لە چاوپێکەوتنە چۆنایەتییەکان تیشکیان خستە سەر ئەو ڕاستییەی کە فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  یان لە ژمارەدا بەش ناکەن یان لە ڕووی کارگێڕییەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمارکردن سنووردارن. بەهۆی ژمارەی سنووورداری فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی شار و شارۆچکە جۆربەجۆرەکان دژوار دەبێت ناوی خۆیان تۆمار بکەن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاتژمێرە درێژەی کارکردن کە لە کەرتی بەرهەمهێناندا باوە. هەروەها بەشداربووانی ڕاپرسییەکان لە کرێکارانی ئاسایی نافەرمیدا باسیان لەوە کرد کە ڕۆتین لە تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بەربەستێکی سەرەکییە لەبەردەم تۆمارکردنیان. هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هۆکارێکی دیکەی پابەندنەبوون لەوانەیە بڕیاری خاوەنکار بێت کە کرێکارەکانیان ناونوس نەکەن – یان تەنانەت بە ڕێککەوتنی هاوبەش لەگەڵ کرێکارەکەدا. ئەمە بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانی داهاتووە کە دەتوانێت تێگەیشتنی زیاتر لە داینامیکی پشت دامەزراندنە نافەرمیەکان لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا دابین بکات.

ناوی خۆیان تۆمار بکەن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاتژمێرە درێژەی کارکردن کە لە کەرتی بەرهەمهێناندا باوە. هەروەها بەشداربووانی ڕاپرسییەکان لە کرێکارانی ئاسایی نافەرمیدا باسیان لەوە کرد کە ڕۆتین لە تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بەربەستێکی سەرەکییە لەبەردەم تۆمارکردنیان. هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هۆکارێکی دیکەی

نەکەن – یان تەنانەت بە رێککەوتنی هاوبەش لەگەڵ کرێکارەکەدا. ئەمە بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانی داهاتووە کە دەتوانێت تێگەیشتنی زیاتر لە داینامیکی پشت دامەزراندنە نافەرمیەکان لە کۆمپانیا فەرمیەکاندا دابین بکات.

## ◄ بەربەستە هاوبەشەکان

**تێکەڵەی هەمەجۆری بەربەستە هاوبەشەکان:** هەندێك بەربەست لەبەردەم فراوانکردنی پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دا بە شێوەیەکی باو لە شیکاری چۆنایەتیدا ئاماژەیان پێکرا کە لە سەرانسەری کەرتەکاندا ڕوودەدەن – ئەمەش ئاڵۆزییەکانی نەبوونی ڕووماڵ سەختتر دەکات. لەوانە کەلێنەکانی جێبەجێکردن، پرسەکانی متمانە و دادپەروەری پلانەکە، هەروەها پرسیارە ڕاستەوخۆکانی گونجاوی دارایی، جێبەجێکردن و پابەندبوون و هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکان. یەکێك لە بەربەستە سەرەکییەکان سەبارەت بە نەبوونی ڕووماڵێکی کاریگەر بەهۆی کەلێنی جێبەجێکردنەوەیە. لە کاتێکدا یاسای ژمارە 4 هەمواركردنەوەی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە 39ی ساڵی 1971 لە ڕووی تیۆریەوە ڕێگە بە ناونوسکردنی کرێکارانی بێ بەڵگەنامە و نافەرمی دەدات لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دا، بەلام جێبەجێکردنی کردەیی بەهۆی نەبوونی ڕێنمایی پێویستەوە ڕێگری لێدەکرێت. ئەمە بە تایبەتی سەبارەت بە کرێکارانی کاری سەربەخۆ، کرێکارانی نائاسایی و جۆرەکانی تری کاری نافەرمیدا ڕوودەدات. لە ئەنجامدا، تەنانەت ئەگەر کرێکارێکی نافەرمی بیەوێت ناوی خۆی بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان تۆمار بکات، لەوانەیە بەهۆی نەبوونی ڕێنمایی تایبەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو حاڵەتانە، داواکارییەکەی ڕەت بکرێتەوە.

**متمانەکردن بە حکومەت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئامادەیی کرێکاران هەیە بۆ ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** نەبوونی متمانە بە دامەزراوەکانی حکومەت بەشێوەیەکی بەربڵاو و گەندەڵی هەستپێکراو بەربەستی بەرچاون لە سەرجەم کەرتەکاندا. ئەم بێمتمانەییە کاریگەری لەسەر ئامادەیی کرێکاران هەیە بۆ ناونوسکردنی خۆیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، چونکە گومانیان لە بەرێوەبردن و سوودە کاریگەرەکانی بەرنامەکە هەیە. نیگەرانییەکی دیکەی گرنگ لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە دەستپاکیی سندوقی خانەنشینییەوە هەیە، لەگەڵ تێڕوانینە کەسییە باوەکان کە پێشنیاری کشانەوەی حکومەت لە سندوقەکە دەکەن. ئەم جۆرە تێڕوانینانە متمانەی گشتی بە بەرێوەبردنی حکومەت بۆ ئەم سەرچاوانەی بە توندی بنکۆڵ دەکەن.

**توانای دارایی بەشداریکردن ئاستەنگێکی سەرەکییە لەبەردەم زۆر لە کرێکاراندا:** کرێکارانی نافەرمی بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵ و بیناسازیدا، تۆمارکردن بە سەرنجکێش نابینن بە پلەی یەکەم بەهۆی خراپی دەستکەوتی ئابووری و داهاتی وەرزی یان نارێك. ئەمەش ئاستەنگ بۆ بیرۆکەی بەشداریکردنی ڕێکوپێك لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دا دروست دەکات. بەپێی پرۆژەیاسای ئێستا لە هەرێمی کوردستان، دەستگەیشتن بە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (لە هەندێك حاڵەتدا زیاترە لەهی عێراقی فیدراڵی) ئەو مەترسیانە دادەپۆشێت کە لەوانەیە گونجاوتر بن بۆ ئەم کرێکارانە، وەك بیمەی بەرکەوتنی کار. بەلام لەوانەیە ئاستەنگی نارێکی و کەمی داهات بەردەوام ببێت، بەو پێیەی دارشتنی پلانەکە بەشداریکردنی مانگانەی دیاریکراوی تێدایە لەسەر بنەمای ئاستێکی پێوەر لە داهات، وەك کەمترین کرێ، کە ڕەنگە لە داهاتی زۆر لە توێژەکانی کرێکارانی دەستەوسان بەرزتر بێت. بەم پێیە داهاتی کرێی کەم لەناو کرێکارانی کارە ناجێگیرەکاندا ئاستەنگێکی گرنگ لەبەردەم بەشداریکردنی ڕێکوپێك دروست دەکات چونکە ڕێژەی جیاوازی بۆ کرێکارانی کەم داهات بەزۆری زیاترە، ئەمەش وا دەکات قورستر بێت بۆیان کە پێداویستییەکانی ئێستایان بکەنە قوربانی بۆ سوودی داهاتوو.

**ڕۆڵی لاوازی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران ئاستەنگێکی گەورەیە:** زۆرجار سەندیکاکانی کرێکاران ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر داکۆکی لە مافی ئەندامەکانیان و تۆمارکردن بکەن. هەروەها پێدەچێت هیچ هەوڵێکی بەرچاو نەبێت لەلایەن ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران یان سەندیکاکانی کرێکارانەوە بۆ ئاشناکردن یان پێشخستنی سیاسەتی کار کە بڕگەکانی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت. نەبوونی بەشداری چالاکانەی ئەم ڕێکخراوانە هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستی نزمی هۆشیاری سەبارەت بە بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

**بارگرانیە کارگێڕییەکان ئاستەنگێکی دیاریکراوی دیکەن لەبەردەم ناونوسکردن:** دەرەنجامەکان دەریدەخەن کە ئەو کرێکارانەی کە دەبێ پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پابەندکارانە بیانگرێتەوە و ئەو خاوەنکارانەی کە دەبێت کرێکارەکانیان تۆمار بکەن، بەهۆی ڕێکارە قورسەکانی حکومەت و کارە کاغەزییە ئاڵۆزەکانەوە، لە بەشداریکردن سارد دەبنەوە. نموونەیەك ئەوەیە کە کرێکاران پێویستیان بە پشتڕاستکردنەوەی مێژووی کارەکانیان و پشتڕاستکردنەوەی ژمارەی ساڵانی کارکردنیان هەیە. ئەمە زانیارییە لەوانەیە ببێتە بەربەستێکی گەورە بۆ زۆر لەو کرێکارە نافەرمیانەی کە مێژووی کارکردنیان بە فەرمی پشتڕاستکردنەوەی سەختە.

**سەرچاوە مرۆیی سنووردار لە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەربەستێکی گرنگی دیکەیە لەبەردەم فراوانکردنی ڕووماڵ.** شیکارییەکان دەریانخستووە کە ژمارەی فەرمانبەرانی ئێستا کە بۆ جێبەجێکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تەرخانکراون بەش ناکەن، ئەمەش پرۆسەی تۆمارکردن خاو دەکاتەوە. ئەمە بە تایبەتی لەو کەرتانەدا بەدی دەکرێت کە کارکردن تا پاشنیوەڕۆ بەردەوامە. بۆ نموونە، بزنسەکانی وەك قاوەخانەی ئێواران و ئەو کۆمپانیانەی کە کرێکاری گەیاندنیان زۆرە، لەو کاتانەدا کاردەکەن کە تیمی پشکنین بەردەست نین.

**پرسەکانی هەماهەنگی ڕێگری لە فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکەن.** نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ڕێگری لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکات.

◄ **وێنە 2. بەشداریکردن لە بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی لەسەدا، نرخە بەردەوامەکانی ساڵی 2007**




سەرچاوە: دانەران، لە ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 وەرگیراوە (دەزگای ئاماری ناوەندی، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، و ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2022)

## رێگا بۆ پێشەوە بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

ئەم گفتوگۆیە لەسەر بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم ناونوسکردنی جۆرە جیاوازەکانی کرێکاران، ڕاسپاردەکانی سیاسەت لەسەر بنەمای بەڵگە بۆ یارمەتیدان لە دارشتنی پرۆژە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی  لە هەرێمی کوردستان  بەرچاوروون دەکات. ئەمانەی خوارەوە چەند ڕاسپاردەیەکن کە لەسەر بنەمای دەرەنجامە سەرەکییەکانی ئەم کورتەی سیاسەتە پێشکەش کراون (دەکرێت سەیری ڕاسپاردەی زیاتر لە بڵاوکراوەکانی داهاتوودا بکەیت  ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی أ، ب، ج). هەرچەندە زۆربەیان دەکرێت هەم لە عێراقی فیدراڵ و هەم لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن، بەڵام ئێمە لە خوارەوە تیشکمان خستووەتە سەر چەند بوارێك کە زیاتر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندیدارن.

**بەهێزکردنی فراوانکردنی ستوونیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی،** لە ڕێگەی جەختکردنە سەر بایەخی کۆڵەگەی ڕێکخراوەیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و جیاوازی لە بەرامبەر کۆڵەگەی ئارەزوومەندانە بەپێی یاسای نوێ. بەو پێیەی کە پرۆژەیاساکە ئامانجیەتی کۆڵەگەی ئارەزوومەندانە بخاتەڕوو بۆ ئەوەی ئەو کرێکارانە بگرێتەوە کە پێشتر لە چوارچێوەی ڕێکخستنیدا نەبوون، زۆر گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە کە کرێکارانی ئاسایی بە شێوەیەکی یاسایی مافی ناونوسکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دا هەیە لە ژێر کۆڵەگەی ئاساییدا. ئەمە زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە (1) کرێکارانی بەکرێ تەنها بەهۆی دۆخی نافەرمییانەوە پاڵیان پێوە نانرێت بەرەو کۆڵەگەی ئارەزوومەندانە؛ (2) خاوەنکارەکان پابەندی یاسا بن؛ و (3) سیستەمەکە خراپ بەکارنەهێنرێت بۆ ئەوەی زیاتر هاندانی نافەرمیبوون بدات و بتوانێت لە ڕووی داراییەوە بە تێپەڕبوونی کات بە جێگیری بمێنێتەوە.

**ڕێکخستنی کرێکارانی بەکرێی کاتی:** کاتێك پەیوەندییەکانی کار ئاشکران و دەتوانرێت بسەلمێنرێت، گرنگە کرێکارانی کاتی ڕێکبخرێت، واتە ئاسانکاری بۆ گواستنەوەیان لە دۆخی کاری کاتییەوە بۆ دۆخی کاری ڕێکخراو و لە کۆڵەگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزوومەندانەوە  بۆ کۆڵەگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پابەندکەرانە.
لە لایەکەوە دەتوانرێت هاندانەکانی وەك هاندانی باج، دەستگەیشتن بە قەرزی سوودی کەم یان یارمەتییەکان، پێشکەش بەو خاوەنکارانە بکرێت کە پەیوەندییەکانی کار لەگەڵ کرێکارەکانیان ڕادەگەیەنن و لە ژێر کۆڵەگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پابەندکەرانەدا تۆماریان دەکەن.
لە لایەکی دیکەوە پێویستە سزادان بهێنرێتە پێش بۆ ئیستغلالکردنی سیستەمەکە بەداپۆشینی پەیوەندییەکانی کار و ناچارکردنی کرێکارانی کاتی کەرتی بیناسازی بۆ ناو تۆمارکردن لە کۆڵەگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزوومەندانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم پێشنیازە بە تایبەتی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە بە لەبەرچاوگرتنی بەربڵاوی زۆری نافەرمی دامەزراندن کە لەناو کەرتی فەرمیدا شاراوەتەوە. ئەمەش پێویستی بە ڕێبازێکی هاوسەنگ دەبێت، کە هاندانەکان ڕێگە بۆ پابەندبوون خۆش دەکەن و سزاکان ڕێگری لە پابەندنەبوون دەکەن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نافەرمی بەرەوپێش ناچێت.

**سازاندنی هاندانی خاوەنکار و کرێکاران بۆ پابەندبوون بە یاسا:** لەگەڵ بەردەوامبوونی ئاستەنگەکانی پابەندبوون لە هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای جیاوازی قەبارەی کۆمپانیا، پێویستە هاندان بۆ پابەندبوون بە یاساکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دابڕێژرێن: (1) لەوانەیە بزنسە بچووکەکان کێشەیان لەگەڵ کەمی زانیاری و سەرچاوە و توانای کارگێڕی هەبێت، لە کاتێکدا کۆمپانیا گەورەکان ڕەنگە مامەڵە لەگەڵ ئاڵۆزییەکان بکەن لە بەڕێوەبردنی هێزێکی کاری گەورەتردا؛ (2) چارەسەری سازێنراو دەشێت ئاسانکردنی پرۆسەی کارگێڕی و ڕێنمایی بێت بۆ بزنسە بچووك و زۆر بچووکەکان؛ و (3) دابینکردنی یارمەتی وەك کەمکردنەوەی پارەی کرێی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، کەمکردنەوەی باج، و دەستگەیشتن بە قەرز یان زەوی. ئەم ڕێوشوێنانە هاندەری بەشداریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  دەبن (بۆ خاوەنکاران و کرێکاران) لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تێچووی دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  و پێشخستنی سەقامگیری ئابووری. بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لەم پرۆسەی ئاسانکردنی تۆمارکردنەدا، کە تێیدا پێویستە ستراتیجییەت دابنرێت بۆ ئاسانکردنی پەسەندکردنی ئەلیکترۆنی بۆ پاداشتی کۆتایی ڕاژە بۆ پەرزکردنەوەی کارایی پرۆسەکە و خستنەکاری هێزی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی. لە کۆتاییدا بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لای بزنسە زۆر بچووك و بچووك و مامناوەندەکاندا سیاسەتێکی گرنگە.

**ئەنجامدانی تواناسازیی چڕ و فراوانکردنی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** توانای سنووورداری تیمەکانی پشکنینی کار و جێبەجێکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  وا دەخوازێت حکومەت بیر لە چارەسەری جیاواز بکاتەوە. یەکێك لەو چارەسەرانە دابەشکردن / هەماهەنگی بەرپرسیارێتی پشکنەرەکانە بە پشتبەستن بە بوارە دیاریکراوەکانیان: (1) پشکنەرانی تەندروستی و سەلامەتی؛ (2) پشکنەرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی؛ و (3) پشکنەرانی کار. ئەم سێ جۆرە پشکنینە پێویستە بە جیا لە یەکتر ئەنجام بدرێت.

**فراوانکردنی توانای بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  بۆ ئەنجامدانی بەشدارییەکی فراوانتر لە دامەزراندنی فەرمانگەی ناوخۆییتری دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کرێکاران و خاوەن بزنسە بچووکەکان لە سەرانسەری قەزا و ناوچە لاوەکییەکان ئاسانتر دەستیان بە خزمەتگوزارییەکانی تۆمارکردن بگات. ئەم نامەرکەزییەتە دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی کرێکاران و هاندانی زیاتر بۆ ناو تۆمارکردنیان. ڕێکخستنی ڕۆژانی کارکردن و کاتژمێرەکانی دەوامی نووسینگەکانی تۆمارکردن یارمەتییەکی بەرچاوی ئەو کرێکارانە دەدات کە کاتەکانی کارکردنیان درێژە و/یان دەوامیان نارێکە.

**زیادکردنی شەفافیەت بە دروستکردنی متمانە. بنیاتنانی متمانە لە ڕێگەی زیادکردنی شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی  زۆر گرنگە:** ئەمە دەتوانرێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەردەوامی ڕاپۆرتی دارایی و نوێکردنەوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی پارەکان ئەنجام بدرێت. هەروەها گرنگە کەناڵێك بۆ کرێکاران و خاوەنکارەکان دروست بکرێت بۆ ئەوەی پرسیار بکەن و زانیاری ڕوون و بەشێوەی ئاسان سەبارەت بە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەربگرن.

**باشترکردنی ئاوێتەکردنی نێوان پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەبەشداریکردن و بێ بەشداریکردن:** هەموارکردنەوەی سیاسەتەکە بۆ ئەوەی ڕێگە بەو کرێکارانە بدرێت کە داهاتیان لە خوار کەمترین کرێوەیە، خۆیان بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکەن بەبێ ئەوەی ژمارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەست بدەن، گرنگە بۆ هاندانی ناو تۆمارکردن لەنێو هەژارترینەکاندا. ئەم دەستکارییە دەبێت کاتی بێت تاوەکو داهاتەکانیان دەگاتە ئاستێکی پێویست (کەمترین ئاستی کەمترین کرێ) بۆ دڵنیابوون لە بەشداریکردنی ڕێکوپێك، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی توانای پاشەکەوتکردنیان سنووردارە. ئەم دەستکارییە دڵنیایی ئەوە دەدات کە هەموو کرێکارانە بەبێ گوێدان بە داهات، دەتوانن دەستیان بە پاراستنی کۆمەڵایەتی و سوودەکانی بەساڵاچوون بگات، ئەمەش سیستەمێکی گشتگیرتر و دادپەروەرانەتر بەرەوپێش دەبات.

**پەرەپێدانی هەماهەنگییەکی باشتر لەڕووی داتاوە لە نێوان وەزارەتەکان و پەرەپێدانی سیستەمێکی داتابەیسی دەستەبەری کۆمەڵایەتی:** میکانیزمێکی تۆکمەی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی بیناسازی و نیشتەجێکردن و وەزارەتی دارایی و ئابووری پرۆسەکانی تۆمارکردن ئاسان دەکات و بەڵگەنامەی دروست مسۆگەر دەکات و پاڵپشتی هەماهەنگی نێوان وەزارەتەکان دەکات بۆ پەرەپێدانی داتابەیسێکی گشتگیر. پلاتفۆرمی تەکنەلۆجیا توانای شاراوەی هەیە بەسوود بێت بۆ ئاسانکردنی داخڵکردنی داتا، ئۆتۆماتیکیکردنی پرۆسە و تۆمارکردنی بەشداربووان و ئاسانکردنی دەستگەیشتنی ئاسان بە زانیاری بۆ کرێکاران و بۆ بەرپرسانی حکومەت.

**سوودوەرگرتن لە ڕۆڵی ڕێکخراو و هەرەوەزییەکانی کرێکاران.** تواناداركردنی سەندیكا و هەرەوەزییەکانی کرێکاران و بۆ ڕۆشنبیرکردن

[3]على سبيل المثال، تعد منصة السجلات الموحدة (URP) بمثابة إمكانية تسجيل جاهزة للعمل مع البلدان في مجال الحوكمة وتطوير البنية التحتية الرقمية الاقتصادية (متاحة على https://www.nrdcompanies.com/prod-ucts-solutions/urp/).

و داکۆکیکردن لە کرێکاران، ڕۆڵێکی پێشەنگ لە گشتگیرکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەگێڕێت و دەکرێت یارمەتیدەر بێت لە بنیاتنانی متمانە و باشترکردنی ڕەوتی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری. هەروەها گرنگە کە سێ جۆرەکەی کرێکاران – کرێکارانی کاری سەربەخۆ، کرێکارانی کاتی و کرێکارانی نافەرمی – بتوانن سەندیکا پێکبهێنن و بچنە ناو هەرەوەزییەکانەوە (بۆ نموونە، ڕێکخراوەکانی جوتیاران، گروپە خۆبەخشییەکان) بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی مافەکانیان و پێشخستنی داکۆکیکردن.

## سەرچاوەکان


CSO, KRSO, and ILO. 2022. Iraq Labour Force Survey 2021. 2022. Central Statistical Organization (CSO), Kurdistan Region Statistics Office (KRSO) and the International Labour Organization (ILO). Baghdad.

ILO. 2021. A diagnostic of the informal economy in Iraq. ILO Regional Office for Arab States. Beirut.

— — —a. Forthcoming. Extending social security to own-account workers and unpaid family workers in the agriculture sector in Federal Iraq and the Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: ILO Decent Work Country Programme Office.

— — —b. Forthcoming. Extending social security to own-account workers and unpaid family workers in the agriculture sector in Iraq and the Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: ILO Decent Work Country Programme Office.

— — —c. Forthcoming. Extending social security to wage workers in the manufacturing sector in Iraq and Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: ILO Decent Work Country Programme Office.

— — —d. Forthcoming. Towards extending social security among informal workers in Federal Iraq: A focus on agricultural, construction, and manufacturing sectors. Policy Brief 1. Baghdad: ILO Decent Work Country Programme Office.

Kurdistan Regional Government. Ministry of Planning. Statistics Office. 2022. GDP in Kurdistan Region. Kurdistan Region Statistics Office Press release, Reference Number 133. 18 August 2022. Erbil.


## سوپاس و پێزانین


ئەم کورتەی سیاسەتە لەلایەن ئایرین سێلوانێس (کۆلێجی ئابووری و زانستە سیاسییەکان، زانکۆی قاهیرە و قوتابخانەی ئابووری لەندەن (LSE) سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و، موسلیح ئیروانی (پرۆفیسۆری یاریدەدەری سیاسەتی کۆمەڵایەتی و گشتی، زانکۆی ئەمریکی لە عێراق) و مارتن ئیڤانز لە پەیمانگەی گەشەپێدانی دەرەوەی وڵات (ODI Global, UK) دارێژراوە. ئەم کورتەی سیاسەتە بەشێك لە توێژینەوەکانی سیاسەتی کەرتیی پێك دەهێنێت کە بە هەوڵی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کاری و ڕێکخراوی جیهانی یەکلاکەرەوەی جیهانی بۆ بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ عێراق: ”بەرزکردنەوەی وەڵامدانەوەی کاریگەر و خێراکردنی چاکسازی“ ئەنجام دراوە، کە لەلایەن یەکێتی ئەوروپا پارەدار دەکرێت. کورتەی سیاسەتەکە بە سەرپەرشتی ئیگۆر بۆسك (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق) و بە بەشداری و هەماهەنگییەکی بەرچاو لەلایەن کارینا لێڤینا (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی/عێراق) بەرهەم هێنراوە. کورتەیە لەلایەن جانێت نیوبێکەرەوە پاکنووسکراوە.


## زانیاری پەیوەندیکردن


نووسینگەی هەماهەنگی وڵات ڕێکخراوی کار لە عێراق
بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان
بەغدا، عێراق

+41 22 799 7239
iraq@ilo.org
https://www.ilo.org/regions-and-countries/arab-states/iraq


© International Labour Organization 2025